ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-6-2007 13:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەچی کورد دەتوانێ هاوکێشەسیاسیەکانی ناوچەکە بە قازانجی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان وەرچەرخێنێتەوە

**... مەهدی کاوانی**



با لێرەوە دەست پێ بکەین. مەبەستم تەوازنی سیاسی و هێزە لە ناوچەکە.

1-ئەمەریکیەکان: ئەو ناکۆکیەی ئێستاکە لە کۆشکی سپی لە مەڕ ئافاقی هێزەکانی ئەمەریکی لە عیراق و کشانەوەو نەکشانەوەی زۆری لە سەر ئەوەیە کە مقاوەمەی چەکداری لە دژیان بەهێزەو ڕۆژبەدوای ڕۆژ لە پەرەسەندن دایەو لە ڕێگەیەوە جگە لەوەی ڕۆژانە ئەمەریکیەکان دەکوژرێن و خەرجی بەڕێوە چوونی ماشێنی سەربازیشیان لە زیاد بووندایە و تاوەکو ئێستا گەیشتۆتە سەدان ملیار دۆلار.

بە مەزندەی خۆم ئەمەریکیەکان هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ عیراق لە ڕێوشوێنی ئەوە دابوون ئەگەرچی ڕاستەوخۆش لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان بەدەریان نەدەخست، ناوەندێکی سیاسی گونجاو لە سەر کەرکوک پیادە بکەن کە لە ڕێگەیەوە هەم پاڵپشتی کوردیان لە دەست نەچێ هەم دۆستەکانیان لە بابەت تورکیاو عەرەبەکان پێیەوە دڵگران نەبن. ئەو دەنگۆیانەی کە ئێستاکە دەکەونە ناو ڕاگەیاندنەوە بە ناوی سەفیری ئەمەریکی پێشوو زالمای خەلیل زادەو بەرپرسانی تری ئەمەریکی و داواکاریەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ناکۆکیەکان لە سەر کەرکوک هەلپەسێردرێن و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی تەسلیم بە نەتەوە یەکگرتووەکان بدرێ تا کێشەکە لە دواجاردا بە دڵی هەمووان و لە بەرژەوەندی عیراق چارەسەر دەکرێ. بەڵێ ئەم جۆرە بانگێشانەو زۆری تری نزیکی ئەو قسەو باسانە ڕاستی ئاماژەکەی سەرەوە لە سەر هەڵوێستی سیاسی ئەمەریکی لە سەر کەرکوک نیشان دەدات. دیارە سیاسەتیش شتێکی جێگیر نیە بەڵکو پابەندە بە بەرژەوەندی و ئاڵوگۆڕی تەوازنی سیاسی لە ناوچەکە. بەڵێ کەرکوک پابەندە بە تەوزانی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی. ئەو تەوازنە سیاسیە دوا جار لە کوێوە گیرسایەوە لەوێ زۆر بەبێ زەبیانە کاری خۆی دەکا لە دژی کورد بێ یان پێچەوانەکەی. واتە چارەنوسی کەرکوک ئێستاکەو بەو بارە سیاسیەی ناوچەکە بە یەکێ لەو سێ دوریانە تێپەڕ دەبێ. یان ئەوەتا ئەمەریکیەکان لە سەر هەلوێستی مامناوەندی خۆیان دەمێننەوە وەک کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ دا. یان ئەوەتا لە دواجاردا بەلای کوردەکان دادەکەن و بە هۆیەوە کەرکوک دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. یان ئەوەتا داخوازیەکانی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی و دەسەڵاتی سیاسی ئێستای عیراقی عەرەبی بە تەواوەتی جێبەجێدەبێ کە هەم بەڕێوەبەرایەتی کەرکوک بخرێتە سەر عیراق هەم گۆڕانکاریە کانی ئایندە لە سەر کەرکوک بە ئاقاری گەشەکردنی دۆخی کورد نەڕوا.

ڕەنگە پرۆژەکەی بیکەر هاملتۆن بۆ دوو ساڵ بەر لە ئێستا بە بەرژەوەندی ئەمەریکیەکان بکەوتبایەوە. بەڵام ئێستاکە ئەمەریکیەکان و باریان لە عیراق جۆرێکی تر کەوتۆتەوە، ئەویش مانەوەو نەمانەوەیانە لەو وڵاتە. بەڵێ پرۆژەکەی بێکەر-هاملتۆن بە بڕوای خۆم بۆ ئەوە دانەڕژابوو کە ئەوان لە عێراق شکست دەهێنن ودەکەونە دووریانی مانەوەو نەمانەوەیان. پرۆژەکەی بیکەر- هاملتۆن بۆ ئەو بوو کە ئەمەریکیەکان لە ڕێگای گرتنە بەری سیاسەتێکی مامناوەندیان تەواوی هێزە ناکۆکەکان بەلای خۆیان ڕاکێشن و بە ئاسانی بتوانن کۆنترۆڵی ناوچەکەو مانەویان لە عیراق مسۆگەر بکەن. جا بۆیە هەق وانیە ئێمە بڕیاری پێشوەخت لە سەر ئایندەی عیراق وکەرکوک بدەین. وەک کورد دەڵێ ئێمە هێشتا لە نیوەی ڕێگاین یان ئەو هەویرە ئاوەکی زۆری دەوێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
23-6-2007 13:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کورد هێشتا کەناڵی یان گوشاری داکۆکی کردن لە سەر گەڕانەوی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆری بەدەستوەماوە:
هیچ پێشبینیەکی ئەوتۆ ناکرێ هەتا چەندەها ساڵی تریش بەوەی کە حکومەتی عیراق بتوانێ بەبێگرنگی دان بە کورد بتوانێ حکومەتاتی خۆی بکات یان نسابی قانونی پێک هێنانی حکومەتی بەبێ کورد بۆی مسۆگەر بێت. ئەوا دەسەڵاتی کوردە بە کەمتەرخەمی بێت یان هۆکاری تر هەنگاوی باشی نەناوە بەوەی کە هاوکاریکردنەکانی کوردو بەشداریان لە هەر حکومەتێکی پێک هاتوو، بەوە کورد لە گەڵیان دەبێت کە هەرچی زووە مادەی 140 ئەکتیڤ بکرێت و ئیستفتای گەڕانەوی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەو ماوەیەی کە بۆی تەرخان کراوە جێبەجێ بکرێت.
دەسەڵاتی سیاسی کورد دەتوانێ لە ڕێگای کەناڵی سیاسی و دبلۆماسی نێوەندێکی پشتگیری
زۆر لایەنە ناکۆکە عیراقیەکان لە مەڕ پاڵپشتی کردن لە سەرگەڕانەوی کەرکوک مسۆگەر بکات. بۆ نمونە بەشی هەرە زۆری شیعەکان بە نیازی جێگیربوونی چەند فیدرالیەکن لە خواروی عیراق و هەتا زۆر شوێنی بەغدای پایتەختیش و سونیەکانیش دژیانن. لێرەش کورد دەتوانێ دبلۆماسیانەو سیاسیانە مامەلە لە ژێرەوە لە گەڵ مەسەلەی وەها بکات. من ڕاگەیاندنی ڕەسمی حکومەتی کوردیم کە پاڵپشتی جۆرە فیدراڵی لەو بابەتانە دەکات بێ ئەوەی ژێراوژێر مەسەلەکە پابەند بکات بەوەی کە دەبێ لە بڕی ڕەزامەندی کوردی بۆیان یان کوردەکان لەو کاتە داواکاری لەو بابەتە قبوڵ دەکەن کە کەرکوک خرابێتەوە سەر کوردستان یان تەتبیع لە سەری بەوەی کورد لە مادەی 140 چەسپاندویەتی جێبەجێبکرێ. شیعەکان سورن و پێش دادەگرن لە سەر سیستەمی هەرێمایەتی و بە قەناعەتی خۆم چەندی ئەو داخوازیە لە لایان مەترەحە دووئەوندەش ئێرانیەکان هانیان دەدەن بۆ بە کردار کردنی. ئەگەر ئەوان بزانن کوردەکان وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو داخوازییەیان نابێ و بە هۆشیەوە کارەکەیان بۆ ناچێتە واری کرداریەوە، ئەوا بۆ خۆیان ژێراوژێر بیت، کاری دبلۆماسی بیت، وتووێژی دوو قوڵی بیت لە کورد دێنە پێشەوە بە ئێرانیشەوە. دژەکوردی ئێرانیەکان لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ وەک تورکیا ئاسا نەکەوتۆتەوە. بە قەناعەتی خۆم ئەوان واتە شیعەکان و ئێرانیەکانیش لە گەڵی ئەگەر سیستەمی هەرێمایەتیان بەو نەوتە فراوانەی ناوچەکانیان، بە دەنگی کورد بۆ زامن ببێت ئەوا ڕێگر نابن لە سەر گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان. دیسان کورد هەق وایە سیاسیانە مامەلە لە گەڵ هێزە ناکۆکەکانی ناوچەکە بکات بە تایبەتی لە گەڵ ئێران. وا باش نیە هەڵوێستی خۆی لە سەر کێشەی ئێران لە گەڵ ئەمەریکیەکان جووت بکات واتە هەرچی ئەوان ویستیان کوردیش جێ بەجێی بکات. با ئێمەش لە هەندێ ڕووەوە چاو لە دبلۆماسی ئێرانیەکان بکەین کە لە گەرمەی دژایەتیان لە گەڵ ئەمەریکیەکان کەناڵی هاوکاری کردنیشیان لە سەر ئەو شتانەی کە لە بەرژەوەندیان دایە دەیکەن. ئێمە ئەو کاتە دەکرا وەک فۆتۆکۆپی ئەمەریکیەکان لە ناوچەکە بکەین کە بە هۆی ئەوانەوە دەوڵەتی کوردیمان لە کوردستانی باشووربە کەرکوک و بە پاراستنیشەو بۆ مسۆگەر بوایە. ئەو ئەجندانە دیار نینە بۆ ئێمە لە خۆمانەوە خۆمانی تێ بئاڵێنین و تەواوی هێزەکانی دەوروبەر بکەین بە دوژمنی خۆمان. ئێمە بمانەوێ نەمانەوێ لە گەڵ ئێران لە ناو بازنەی ناکۆکی و هاریکاری کردنین. هاریکاریەکان وەک ئەو هاوپەیمانێتیەی ئێمە لە گەڵ شیعەکانمان هەیە. ناکۆکیشمان لە سەر دۆزی لەمێژینەی کوردی کوردستانی لکێنراوە بە ئێران. لەو ڕووەوە هەرچەندی کورد بازنەی بزاڤی سیای و چەکداری خۆی فراوان بکات، ئەوەندە کێشەی نەتەوایەتی سەرانسەری لە لایەکەوە پەرە دەسێنێ وە لە لایەکی تریشەوە دۆزی سیاسی و دەسەڵاتدارێتێ کوردستانی باشووریش بە کەرکوکیشەوە دەچێتە پێشەوە. کوردی باشوور ئەگەر بۆ ساتە وەختێکیش بێت پشتگیری سیاسی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەعنەوی و هەتا مادیش لە بەشەکانی تری کوردستان ببڕێت مانای گەمارۆ دانی ئەزمونەکەیەتی. ئەوەتی بزاڤی سیاسی و چەکداری کوردی باشوور هەیە بە سەردەمی شاشەوە حکومەتی ئێران ئێزدواجیەتیان بەرامبەر بە کورد بەکار هێناوە واتە دژایەتی کوردی ناوخۆیان کردووەو بۆ بەرژەوەندی خۆشیان لە هەندێ دەرفەت جۆرە هاریکاریەکی بزاڤی سیاسی و چەکداری کوردی باشووریان کردووە. با کوردیش چاو لەوان بکات با کەناڵی هاریکاری کردن لە گەڵ ئێران بکاو پشتێش لە کوردی وێ نەکا. ئاخاوتنەکەی ماوەیەک لەمەوبەری زەعیمی کورد بەڕێز مەسعود بارزانی لە کەناڵی ئەلجەزیریە بەوەی ئەگەر ئەوان دۆزی ژمارەیەکی زۆر کەمی تورکمانی کەرکوک لە دژی کورد بەکار بهێنن، ئەوا ئێمەش 35 ملیۆن کوردی لای ئێوەمان لە بەردەستدایە کە دەتوانین لە دژتان بەکار بهێنین. دیارە ماوەیەک بەر لەو ئاخاوتنە هەمان دەمەتەقێی تری ڕاگەیاندن لە گەڵ بەڕێز مام جەلال ڕووی دا. لە هەردوکیان بە تایبەتی هینەکەی بەڕێز مەسعود حکومەتی تورکیا زۆر پێی تەنگاو بوو. جا وڵاتانی دەوروبەر بە دەمەتەقێیەکی ڕاگەیاندن وا تەنگاو بن، ئەدی ئەگەر تەبایی نێوان کوردی چوار پارچەکە هەبێ ئەو کات چۆنچۆنی پێی تەنگاو دەبن. باشە مادامەکینێ وڵاتانی دەوروبەر لە زۆر دەرفەتی مێژوویی بۆ بەرژەوەندی خۆیان هاوکاری وهەندێ کۆمەکی چەکداری پارچەکانی تری کوردستان بکەن. ئەی بۆ ئێمە وا نەکەین کە لە گەڵیان خاوەن یەک کێشەی نەتەوایەتین.

دیسان دیالۆک لە گەڵ سوننەکانیش زۆر گرنگە بە تایبەتی لە سەر بەشداری پێ کردنیان لە حوکم. کورد ئەگەر پالپشتی خۆی بۆ ئەو لایەنانە قبوڵ بکات کە ڕێگر نینە لە سەر گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مانای ئەویە کەناڵێکی دبلۆماسی تریشمان لە قازانجی کەرکوک بۆ مسۆگەر دەبێ. دەبێ بزانین ئەو دژایەتیەی ئێستای شیعەو سوونە لە گەڵ یەکتری هەیانە، کورد لە گەڵ هیچیان نیەتی. کورد لە بەختی خۆی وئاڵۆزی کێشەی نەتەوایەتی نە خۆی لە ناوەندی ئیسلامی سیاسی دەبینیتەوە نە لە سەر تایفە گەرێتی و مەزهەبی شیعەو سونە دابش بووە. ئەگەر گەڕانەوی کەرکوکیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بووە ئەمری واقیع ئەوساکە ئێمە ئەوەی پێی دەگوترێ دژایەتی لە گەڵ عەرەبمان نابێ بە شیعەو سوننەوە.

ئەو جۆر حکومەتەی کە لە کوردستان بەرقەرارە بە دانپیانانی عەرەبەکان و ئەمەیکی و ئەوروپاییەکان حکومەتێکی تەوەجوهی لیبراڵانەیە و پەسەند کراویشە لایان. خەلکێکی زۆر عەرەب هەنە چ وەک دەستەو تاقمەو گروپ چ وەک کەسایەتی حەز لە فرەیی دەکەن و تایفەگەرێتی و حوکمی دین ڕەتدەکەنەوەو خوازیاری ژیانی دیموکراتی و فرەیی وپەرلەمانینە. کورد دەتوانێ هەر لە گەڵ هەموویان لە ڕێگای سمینارو کۆبوونەوی گەورەو دایلۆکی بە تەنیا لە گەڵیان ڕێک کەوێت چونکە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیان هەیە.

ئەوەی لە هەموویان گرنگترە قوڵکردنەوەی پرۆسیسی دیموکراتی لە کوردستان وگەشەکردنی ئابووری کوردستان و بەهێز کردنی ژێرخانی و دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی گەورە، پیادەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و بەهێز کردنی دامودزگا حکومیەکان ونەهێشتنی دەسەڵاتی حیزبی لە دامودزگاکان و پاراستنی سەروەری یاساو ڕیشەکێش کردنی فەسادی ئیداری و دیاردەی خۆ دەولەمەندکردنی کەسایەتیە حیزبیە دەسترۆیشتوەکان لە سەر حیسابی سامانی نەتەوەیی،

بەڵێ ئەگەر کورد بتوانێ ئەزمونی فەرمانڕەوایەتیەکەی وەک سەردەمی لوبنانی شەستەکانی لێبکات بە ڕەنگی سەردەمی ئێستا، ئەوا لەو ڕێگایە دەبینە پێشەنگی دیموکراتی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

yahoo@mahdikawani .co .uk 2007/06/22/بەریتانیا/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.